# نابێت هیچ کەسێک دە جەڵد زیاتری لێبدرێت مەگەر بەهۆی جێبەجێکردنی سنوورێک لە سنوورەکانی خوای گەورە

لە ئەبی بوردەی ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «نابێت هیچ کەسێک دە جەڵد زیاتری لێبدرێت مەگەر بەهۆی جێبەجێکردنی سنوورێک لە سنوورەکانی خوای گەورە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی زیاتر لە دە جەڵد لە کەسێك بدرێت مەگەر لە تاوانەکاندا، مەبەست لێی ئەو ژمارە دیاریکراوە نییە کە خاوەن شەریعەت دایناوە لە جەڵد یان لێدان یان سزایەکی تایبەتی، بەڵکو مەبەست ئەوەیە لێدان بۆ تەمبێ کردن نابێت زیاتر لە دە جەڵدە بێت وەکو جەڵدە لێدانی هاوسەر ومنداڵ.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2987